# ئیسلامییەکان، ستەمی نەتەوایەتی و خەونی دواڕۆژیان

هەژێن
2005/07/08

بۆ ئەوەی باسی لاوەکی یەخەمان نەگرێ، خۆم لە گێرانەوەی بەسەرهاتی هێزگرتنی ئیسلامییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیادا لادەدەم و ناشچمە سەر بنەوانی ئیسلامییەکان لە عیراقدا، تەنیا لە سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عیراقەوە (باکع) دەستپێدەکەم.*

لە هەشتاکانی سەدەی ڕابوردوودا، بەهۆی شەڕی عیراق- ئێران و شەڕی لابەلایی پارت و ڕێکخراوە چەکدارەکانی بزووتنەوەی کوردی، بە یارمەتی ڕاستەوخۆی ئێران لە ناوچە سنوورییەکانی کوردستانی عیراقدا، گروپی ئیسلامی کەوتنە پەلوپۆ هاویشتن و گەرادانان و لەناو سەربازانی هەڵاتووی ناو ئۆردووگەکانی ئێراندا، کە ئەو کات دوو گروپی حزب الله و جنداللە ڕاستەوخۆ لەلایەن ئێرانەوە بە سەرۆکایەتی ئەدهەم بارزانی و مەلا لوقمان، کە دوو بەکرێگیراوی کۆماری ئیسلامی ئێران بوون، دروستکران. لەناوخۆشدا گروپێکی بیناو کە خۆی ئاشکرا نەکردبوو لەناو مزگەوتەکاندا لە جموجوڵدا بوو، هەرچەندە ناسراوترین کەسایەتییان، کە مەلا عەلی عەبدولعەزیز بوو، لەبەرامبەر ڕێکخراوە چەپەکانی ئەوکات حزبی شیوعی عیراق (حشع) و کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان (کۆڕەک)، لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە پارێزگاری لێدەکرا و چەکداری خالیدی خولەسووری ژنبرای پاسەوانیان دەکرد، کە مەلای ناوبراو و پاشکەوتووانی جیهادی سەرەکیان دژ بە چەپەکان بوو و مەترسی کوشتنی دەکرد لەلایەن ئەو هێزانەوە.

کاتێک کە جەماوەری هەڵەبجە بە دەستپێشخەری لایەنگرانی ئاڵای شۆڕش و لایەنگرانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران( ڕێکخراوی کوردستانی حزبی کۆمونیستی ئێران)، لە ساڵی 1987دا دژ بەڕاگواستنی گوندەکانی دەوروبەری ئەم شارە، ڕاپەڕین و خۆپیشاندان ئودووگە و شارۆچکەکانی وەک سیروان و سەیسادەقی گرتەوە، خوێندکارە ئیسلامییەکانی نێو مزگەوتەکان و مەلای دەمراستیان، کوونە مشکیان لێ بوو بوو بەهەمبار. لەبری بانگی نێوەڕۆ و عەسران، ئەوە چەپەکان بوون، لە مینبەر و بڵندگۆی مزگەوتەکانەوە، هاواریان دەکرد "کرێکارانی جیهان یەکگرن! کرێکاران لەم شۆڕشەدا بێجگە لە زنجیرەکانی دەستیان هیچ لەدەست نادەن، بەڵام جیهانێک بەدەست دێنن".

کاتێک کە هێزە چەکدارەکانی شاخ، هیچ ئامادەییەکیان بۆ سەرتاسەریکردنەوەی خۆپیشاندانەکان لە خۆیان نیشان نەدا، ڕژێم بە هاوکاری سەرۆکهۆزە بەکرێگیراوەکان، توانی جەماوەر تێکبشکێنێت و لایەک لە شار وێران بکات و برینداران لە نەخۆشخانەکاندا دەرکرا و زیندەبەچاڵیان بکەت. ئەمە بووە هۆی ترسێکی گەورە و هەڵهاتنی خەڵکانێکی زۆر، تەنانەت ئەوانەش کە لە خۆپیشاندانەکەدا بەشدار نەبووبوون یا زۆرێک لە چەکدارە خۆفرۆشەکان و لەوانەش خوێنکارە ئیسلامییەکانی نێو مزگەوتەکانیش هەڵهاتن و چوونە ئۆردووگەکانی ئێران و لەوێ، بە هاوکاری ئێران و کۆکردنەوەی چەکدارە بەکرێگیراوە هەڵهاتووەکان، (باکع)یان ڕاگەیاند.

ئەم راگەیاندنە بووە هۆی ناکۆکی لەنێو ڕیزەکانیان، چونکە هەندێکیان بە بیانووی ئەوەی کاتی جیهاد نەهاتووە، گەڕانەوە ژێر دەسەڵاتی بەعس و ئەوانەی کە بوونە (باکع) هەر زوو جیابوونەوەیان تێکەوتوو و گروپێکی تریان بەناوی (انصاراللە) کە لێپرسراوەکەیان کۆنە پێشمەرگەی (ینک) بوو، لیجیابووەوە. یەکەم دەستەگوڵی ئەم هێزە ئیسلامیانە لە بەرۆکی هەڵەبجە -کە ئەگەر خرۆشانی جەماوەری هەلەبجە و تێکشکانی ئەو خرۆشانە و بارودۆخی پەنابەران لەناو ئۆردووگەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران نەبوایە، هەرگیز نەیاندەویست و نەیاندەتوانی جەماوەریکی وا کۆبکەنەوە- پێش پاسدارکەوتن و هێنانی لەشکری ئێران بە یارمەتی هێزە چەکدارە کوردییەکانیتر بۆ سەر هەڵەبجە و کردنە قوربانی پێنج هەزار کەس و بریندار بوونی زیاتر لە بیست هەزاریتر بە کیمیاوی و ئاوارەییەکی درێژخایەن و وێرانی ئەم شارە لەناوەندی شەڕی کۆنەپەرستانەی عیراق- ئێراندا.

جارێکیتر ئاوارەیی دانیشتوانی بیدەرەتانی ئەم شارە و ناوچەکانیتری وەک گەرمیان و دەشتی هەولێر و بادینان لە پاش کیمیاباران و ئەنفال لە 1988دا، هەلی زێڕینی بۆ هێزە ئیسلامییەکان ڕەخساندەوە و ئەو باڵەی کە لە ئاوارەیی ساڵی 1987دا باوەڕی بە هاتنی کاتی جیهاد نەبوو، لە ئۆردووگەکاندا، جیهادیان بەرامبەر ئەندامان و لایەنگرانی حزبی شیوعی عیراق(حشع) و یەکیتی نیشتمانی کوردستان (ینک) و پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق (پدکع) راگەیاند و بە شمشێری تەختە و کوتەکەوە، بەیانییەک زوو کوتایانە سەرماڵی ئەندامانی (حشح) و پاش لێدان و بەقژ ڕاکێشانی ژنەکانیان لە پەنجەرەی ماڵەکانیانەوە**، دران بەگرتن و داوای تۆبەکردنیان لیکردن لە مزگەوتی ئۆردووگەکاندا، لەوانە ئۆردوگەی [ سقز، کامیاران، صنقر، کانگاور و هیتر]. هەڵبەتە ئەم جیهادە لەلایەن ئەوانەوە راگەیێندرا، کە پێشتر باوەڕیان بە جیهاد نەبوو و هێندە لەگەڵ (باکع)دا تەبابوون، ئۆردووگەکانیان گرتبووە دەستی خۆیان و پێکەوە شورای شاراوەیان هەبوو.

هەڵبەتە ئەوەمان لەبیر نەچێت، کە ئاشبەتاڵی (ینک) و (پدکع) و حزبی سۆشیالیستی کوردستانی عیراق (حسکع) و (حشح)، و هیوابڕانی خەڵک بەو هێزانە و ڕوخانی ڕژێمی عیراق، دانی مووچەیەکی باش لەلایەن ئەو ئیسلامیانەوە - کە ئەوکات لە ئۆردووگەکاندا بە وەهابی ناسرابوون و دوای ڕاپەڕین خۆیان بە یەکگرتووی ئیسلامی ناساند- بە خەڵکانی ناهوشیار و بێدەرەتان، جارێکیتر هێزی بە ئیسلامییەکان بەخشی و وەک چۆن داڵەکەرخۆرە لەسەر کەلاکی مردارۆبوو، دەلەوەڕێ، ئاوا ئیسلامییەکانیش لەسەر ئاشبەتاڵی بزووتنەوەی چەکداری و هیوابڕانی جەماوەر لە ئۆردووگەکاندا، پەرەیان سەند. دەتوانم ئەو سەردەمە، تەنیا بە سەرکوتگەری وەهابی لەناو کۆماری ئیسلامی شیعەدا بخەمەروو، بۆ ئەوەی بتوانن ئەو کەشە دیکتاتۆری و سەرکوتگەرانەیەی نیو ئۆردووگەکانی ئێران بێننە بەرچاو.

ئەوەی لە رۆژانی سەرەتای راپەڕین دا، ژیابێ، دەزانێ، کە سەردەمی پاشەکشێی بزووتنەوەی ئیسلامی بوو و تەنانەت جێگەی بایەخی تەنانەت ئەندامانی خۆشیان نەبوون. پاشەکشەی هێزە کۆنەپەرستەکان، لە سەراپای میژوودا تایبەتمەندی هەموو سەردەمەکانی شۆڕش و ڕاپەڕین بووە. بەلام هەر زوو، جارێکیتر کۆڕەوی ملیۆنی و تێکشکانی ڕاپەڕین و بێ هیوابوونی جەماوەر بە هودنەکەی بەرەی کوردستانی لەگەڵ ڕژێمی تێکشاوی بەعس و سەرکوتی ڕاپەڕینەوەی دووەم، زەمینەی بۆ دەرکەوتنەوەی ئیسلامییەکان لەسەر شانۆی سیاسی خۆشکرد. ئەمەش دوو پایەی سەرەکی هەبوو:

یەکەم، ئابڵۆقەی ئابووری و بێکاری و برسییەتی و دزی و تاڵانی بەرەی کوردستانی و لەبەرامبەریدا توانای مادی لایەنە ئیسلامییەکان کە لە ئێران و سعودیەوە بۆیان تەرخانکرابوو، هانی خەڵکی دا بۆ خۆ قوتارکردن لە مردن لەبەرامبەر هەندێک کۆمەکدا بچنە ناو ئەم هێزانەوە.

دووەم: شەڕی ناوخۆ و نائومێدی جەماوەر بە دەسەڵاتدارانی تازە و ترسی گەڕانەوەی ڕژیم و نەبوونی ئاسۆیەکی ڕۆشن و کۆمەکی لایەنە شەڕکەرەکان بە لایەنە ئیسلامییەکان لەدەقەری دەسەڵاتی خۆیاندا، کە یارمەتی ملیۆنییان بۆ تەرخانکراوە، بووە هۆی دروستبوونی هەزار و یەک دەستە و گروپی تیرۆریستی ئیسلامی.

ئەمە سەرچاوەی هێزگرتن و ئەمە مێژووی سەروەری هێزە ئیسلامییەکانە و هەر کەس ڕۆژێک لە ئۆردووگەکانی ئێران و باشووری کوردستاندا ژیابێ، گیرۆدەی دەستی ئەم هیزە کۆنەپەرستانە بووە و بەشێک لە کارنامەی پڕ تاوانیان دەناسێت و چنگی خوێناوی ئەم هێزانە لە بەرۆکی هاوڕێ، دراوسێ، هاوکار و هاوشارییەکی گیربووە. ئەوەی پێویستە لەسەری ڕاوەستین و وەڵامیان پێبدەینەوە، ستەمی نەتەوایەتی و ئازادییە گشتییەکان و چارەنووسێکە کە کۆمەڵگە لە ئەگەری دەسەلاتگرتنی ئەمانەدا ڕووبەڕووی دەبێتەوە.

پێش هەموو شتێک، سەرنجی خوێنەران بە پرسیارێک لە دەمڕاستانی ئەم هێزانە دەکەم، ئەم هیزانە ڕەخنەیان لە دەسەلاتی ئیسلامی سعودییە و کۆماری ئیسلامی ئێران هەیە، کە لەژێر فشاری دەرەکی و ناوەکی واتە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی نێو کۆمەڵگەکانیان، ملیان بە شلکردنی هەوساری سەرکوتگەرانەی شەریعەتی ئیسلامی داوە و بەتەمان ئەمان - بە توندڕەو و میانەرەو و نەرمبڕیانەوە - کۆمەڵگە بۆ ژێر یاساکانی هەزار و ئەوەندە ساڵی نیوەدوورگەی عەرەبی بگێڕنەوە و ئەو داب و نەریتە دواکەوتووانە بەسەر کۆمەڵگەدا بسەپێننەوە. وابزانم هەمووان دەزانن، چی بەڕیوە دەبێ و پێویست بە قسەکردنەوە لەو بارەوە ناکات. خۆ ئەگەر نەرمڕەویش بن، ئەوا وەک ئێستای فەرمانڕەوایی سعودیە، دەستی خەڵک بە شمسێر دەبڕنەوە و وەک کۆماری ئیسلامی وەلامی داخوازی ڕەوای هاوسانی نەتەوەیی، بە ئاگر و ئاسن دەدەنەوە، ئیتر پێویست بەوە ناکات باسی باری ژیان و ئازدی ژنان و لاوان و ئازادییە سیاسی و گشتییەکان و مافە کۆمەڵایەتییەکان، بکەم. چونکە لە کۆمەڵگەی هەزار و ئەوەندە ساڵ لەمەوبەردا، نێوی ئەو شتانە لە ئارادا نەبووە و خەباتی کارگەران و زەحمەتکێشانێش، ناشوکرییە بە بەشی خوا و هەڵگەڕانەوەیە لە دادوەری خوا و ئەو بەخۆی مەنجەڵی ئێمەی سوتاندووە و مەنجەڵی دەوڵەتمەندانی لێوانڕێژ کردووە***.

لە سایەی ئیسلامدا هیچ ئایینێکی‌تر ناتوانێت، ئازدانە ئەرکەکانی بەجێبهێنرێن و دەبێت، هەڵگرانی ئایینەکانی‌تر سەرانە بە فەرمانڕەوایانی ئیسلامی بدەن و هەڵسوکوتیان لەلایەن وانەوە دیاری دەکرێت. مێژووی ئیسلامی هەر لە بەرەبەیانییەوە تا هەنووکە، پڕە لە هەزاران نموونە چ لەسەردەمی خودی پیخەمبەردا کە یەهودییکانی قەڵاچوکرد، چ لەسەدمی هێرشەکانیاندا بۆ سەر کوردستان لەسەردەستی ئەباعوبێدە و چ لەسەردەمی عوسمانییەکاندا بۆ سەر ئەوروپا و چ لەسەردەمی فەرمانڕەوایی (باکع) لە شاری هەلەبجەدا و بارودۆخی یارسانەکان (کاکەییەکان) لە سایەی ئەواندا، وابزانم پێویست بە باسی تەقاندنەوەی ئارایشگەکان و کوشتنی ئازادیخوازان، هەر لە بادینانەوە تا سلیمانی و بەدووربین چاودێریکردنی ژنانی تەوێڵە و بیارە لەلایەن سەربازەکانی خواوە، نەکا سەرپۆشیان بەسەرەوە

نەبێ، ناکات. خۆ گەر بەر نەفرەتی ئامریکای کۆنەپاڵپشتیان نەکەوتنایە، ئەوا ئێستا لە هەڵەبجە و بیارە و تەوێڵە کارگەی بارۆکە (حیجابی ئەفگانی) دوورینیان دانابوو و ئەسپێش لەناو ڕیشی پیاواندا کەڵکەڵەڕاوی بووا!

ستەمی نەتەوایەتی و پێوەری ئیسلامییەکان بۆ مافی چارەنووسی نەتەوەکان. وابزانم بەخۆشیان نکۆڵی لەوە ناکەن، کە وان باوەڕیان بە نەتەوەی ئیسلامی هەیە و شوناسی نەتەوەی نا ئایینی بە فەرمی ناناسن و لەسایەی فەرمانڕەوایی ئەواندا، گەر نەتەوەیەک داوای خودموختاری یا جیابوونەوە بکات، ئەوا بەر نەفرەتی خوا دەکەوێت. لەبەر ئەوەی کە بۆ چەند شتی پروپوچی دونیایی (خۆیان واتەنی) لە خوا یاخیبوون و فەرمانڕەوایی قورئانیان خستۆتە ژێر پرسیارەوە! هەمووان لەبەردەم خواوەندا یەکسانن و هیچ هۆز و خێڵێک لەپێش هیترەوە نییە. ئەمانە قسەی من نین و لەو کاتەوەی لە دایک بووم گوێمانیان بەم ئەفسانانە ئاخنیوە - ئەگەر کەسێک نەخوێندەواریش بێت، ئەوا لە بیستن و هەزار بارە بوونەوەی ئەم شتانەدا، هێندەی مەلایەک لە شتەکان دەزانێت-. منیش نکۆڵی لەوە ناکەم کە لەبەردەم هەر دەسەڵاتێکدا، ئەگەر داوای مافەکانی خۆت نەکەیت و مل بە کۆیلەتی بدەی، هیچ دەردیسەریەکت بۆ دروست نابێت؛ لە سەردەمی کۆیلایەتیدا وابووە، لەسەردەمی پێخەمبەریشدا وابووە، لەسەردەمی فەرمانڕەوایی کلیسا و کەنیسەشدا وابووە، لەسەردەمی دەرەبەگایەتیشدا وابووە، لەسەردەمی بۆلشەڤیکەنان _یشدا وابووە، لەسەردەمی هیتلەریشدا وابووە، لەسەردەمی سەدامیشدا وابووە و لە ئەورووپای دیموکراتیشدا وایە و لە فەرمانڕەوایی بۆرژوازی کوردیشدا وایە و ئەگەر ڕێکەوت ئەو ڕۆژە ڕەشە بێنێتە پێشەوە و ئیسلامییەکان هەرکام لە نەرمبڕەوە بیگرە توندڕەو ، بێنە سەردەسالآت و هەرکەس لەسایەی دوڵەتی خوا و فەرمانڕەوایی شەریعەتی ئیسلام مل بە کۆیلەتی بدات، بێگومانم کە زیندانی ناکرێ، هەڵناواسرێت، هاوسەری لێناسێنرێتەوە. بەڵام وەیل لۆ ئەو کەسانەی باسی مافی چارەنووس بۆ نەتەوە، ئازادی سیاسی، دادپەروەری کۆمەڵایەتی، ئازادییە گشتییەکان و یەکسانی ژن و پیاو، قسەکردن لە جیایی ئایین لە فەرمانڕەوایی هەر مەپرسە!

ئاخۆ ئیسلامییە بەناو نەرمەبڕەکانیان (نەرمڕەوەکان)، ئەوانەی کە بەر ڕەخنەی توندڕەوەکانیان (ڕەسەنەکانیان) دەکەون، کەمتر لەوەی ڕەسەنەکانیان دەیخوازن، بە کۆمەڵگەی هەزار کۆستکەوتووی کوردستان، رەوا دەبینین؛ موزیکی کوردی، سەمای کوردی، ئازادی گشتی و هاوتایی ژن و پیاو ڕەوا دەبینن؟ ئامادەن بوار بە هیچ بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی، هیچ ڕێکخستێکی سەربەخۆی پیشەیی، هیچ داخوازییەکی جەماوەری، هیچ پارت و ڕێکخراوێکی نا ئیسلامی بدەن؟ ئامادەن، ژنان و پیاوان لەیەک باس ( ترومبێل)، یەک فێرگە، یەک کارگە، یەک کۆبوونەوە، یەکخوان پێکەوە لە چێشخانە گشتییەکاندا دانیشن؟ ئایا ئەمە هەر ئەوە نییە، کە تیرۆریستەکانی موجاهیدین، تالیبان، القاعیدە و جندالله پێیهەستان. ئیتر نازانم نەرمەبڕی یەکگرتوو و کۆمەڵی ئیسلامی لە کوێدایە؟ ئەمە خۆڵکردنە چاوی خەڵکە و فریودانی بێپەردەیە! ئیسلامییەکان وەک هەر هێزێکی بۆرژوازی تینووی دەسەلاتن و بۆ ئەوەی قۆرخی بکەن، ناچار چرکەژمێر و ڕۆژمێر و ساڵنامەی کۆمەڵگە بۆ هەزار و چوارسەد ساڵ دەگێڕنە دواوە. ئاخر تەنیا لە سایەی فەرمانڕەواییەکی وادا دەتوانن، حەرەمسەراکانیان ڕاگرن، کۆیلەکانیان بخەسێنن، ئەو سروشتە (سێکس)ەی کە خوا لەبیری چووە و بەهەڵە دەزگەی لە جەستەماندا بۆ داناوە، ئەمان دەیخەسێنن، ئەو دەزگەیەی دەمان هزرێنێ و خوا لە دەستی دەرچووە و لە ملیۆنان یەکدا، زانستی خۆی پێبەخشیوین، ئەمان لغاوی دەکەن، ئەمان کەرووی پێهەڵدێنن، ئەمان لەهەر دەرک کردنێک پاکی دەکەنەوە و وەک مەڕ و مالاتەکانیان، لە گەوڕەکانی جەهاڵەتدا ڕامانەدەگرن!

لەوانەیە ئەم شتانە بۆ ئەورووپییەک باس بکەی، بە زیادەڕەوی دایبنێن و بڵێن، ئەم خوا نەناسە، زیادی پیوەدەنێت و شتی وا لەسەدەی بیست و یەکدا نییە و بڕواناکەن، کەسی وا ڕوو قایم پەیدا بێت و لە سوچی ئەشکەوتدا نا، لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت و لە پالتۆک ( چەلەحانێ) دا، بانگەواز بۆ ئەو خەونە بەسەرچوو و پڕ شەرمەزارییانەی چاخە تاریکەکانی مێژوو بکات. ئاخر ئەوان نازانن، بە پشتیوانی دەوڵەتەکانی خۆیان (دەوڵەتە ئەورووپییەکان و ئەمریکا) هەر لە ئامریکاوە تا تورکییە، لە سایەی ڕژێمەکانی وەک بەعس و بەعسییەکانیتر، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیا و ئەفریکادا، چ جۆرە جانەوەرانێک بەردراونەتە گیانی هەژارانی ئەم دەڤەرە! ئەوان مەستی درۆ دیموکراسییەکانن و ئاگایان لە گیانەڵای ئازادی نییە، ئاگایان لە دەستوپێ بڕینی دادوەری نییە، ئاگایان، لە خەساندنی مرۆڤەکان و لە سڕینەوەی مێشکیان نییە!

ئەمە پەیامی ئەوانە و گلەییان لە نەرمەبڕەکانیان، ئەوەیە کە نەیانتوانیوە بەباشی هەڵەکە بقۆزنەوە و ئەوەی لە سایەی ڕاپەڕیندا بەدەستمان هێناوە، لێمان حەرام کەنەوە! وەی بە حاڵمان، بوئێن و ئەورووپاش لەتاو بێکاری خۆیان، پێویستیان بە پەنابەر نەماوە و تەنیا ڕێگەیەک لەبەردەماندا کە مابێتەوە، یا تێکۆشان یا گۆڕستان، ئەگەر کۆیلەتیمان نەوێت! ئایا نکۆڵی لەوە دەکەن، کە بەتەمان دەوڵەتی خوا لەسەر گۆی زەوی و لەپێش هەموویانەوە بۆ بەدبەختی لە کوردستانە وێرانەکەی ئێمە دابمەزرێنن؟ ئایا نکۆڵی لەوە دەکەن کە بەتەمای پیادەکردنی یاساکانی ( شەریعەتی) هەزار و چوارسەد ساڵ لەمەوبەرن؟ ئایا نکۆڵی لەوە دەکەن کە باوەڕیان بە هاوتایی هەمەلایەنەی ژن و پیاو نییە؟ ئایا نکۆڵی لەوە دەکەن کە باوەڕیان بە ئازادی سیاسی، ڕێکخراوبوونی سەربەخۆ، چالاکی فەرهەنگی، ئازادییە کەسییەکان نییە؟ ئایا نکۆڵی لەوە دەکەن، کە باوەڕیان بە هیچ دەنگێکی ناکۆک و جیاواز لە خۆیان نییە؟ ئایا ئیسلامییەکان ئامادەن، بەپێی پەیڕەوەکانی سیستەمی پارلەمانی – واتە پەیڕەوکردنی یاسا بۆرژوازییە بنچینەییەکانی وڵات، کە لەسەر بنەمای سکیولاریستی داڕێژراون- ئەگەر لە شارێک یا پارێزگەیەکدا زۆرینەی دەنگیان هێنا، پابەندی ئەو یاسا بنچینەییانە بمێننەوە و مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ پێشێل نەکەن؟ ئایا ئامادەن، دان بە ئازادی ڕۆژنامەگەریدا بنێن؟ ئایا ئامادەن، گوێ لە ڕەخنە لە دەقە ئایینییەکان بگرن و بە پەرەمێز سووتاندن و دەستولاق و گوێ بڕین، وەڵام نەدەنەوە؟ ئایا ئامادەی گفتوگۆن لەسەر داخوازییە هاوچەرخییەکانی مرۆڤ و ڕێگری شەریعەتی ئیسلام لەو داخوازی و بزووتنەوانە کە هەڵگری ئەم داخوازییانەن؟ ئایا لەژێر دەسەلاتی خۆیاندا بوار بە سیمینار یا دەرکردنی گۆڤار و ڕۆژنامە و شانۆ و هەر شتێکیتر کە بیر و بۆچوونی جیاواز لە خۆیان دەربڕێ یا بیری ئاتاهیستی ( بێ خوایی) خۆی دەرخات؟ ئەمە و هەزاران ئایای تر ...

ئیتر لەپای چی فرمێسکی تیمساحی بۆ گەلی کورد، بۆ هەژارانی کورد دەرێژن؟ چ پەیامێکی نوێیان بۆ مرۆڤایەتی پێیە؟ کامە ئەلتەرناتیڤی ئازادیخوازانە و یەکسانیخوازانە و دادپەروەرانەیان لەبەرامبەر چەوسانەوەی چینایەتی سەرمایەدارە دیموکراتەکان- ئەوانەی کە بە بۆمبای یورانیۆمی هاتن ڕزگارمان کەن و چەند ملیۆن ساڵێک لەدەست کارایی ئەو بۆمبانەدا دەبێ بناڵێنین، ئەوانەی کە ئیسلامییەکان بە کارە چەپەڵەکانتان گلۆپی سەوزیان بۆ هەڵکردن و بە کارە چەپەڵەکانیان بیانووی مانەوەیان دەدەنە دەست، ئەوانەی کە جاران لەسەدەمی شەڕی ساردا، پێکەوە تاقیگەی کەرەستەی بێهۆشکەریان لەسەر سنوورەکانی ئەفگانستان و پاکستان دانابوو و بە ملیارد تەن تلیاک و هیرۆئین و ئینەکانیتریان بەرهەمدەهێنا و بەدەستکەوتەکانی

ئەم بازرگانییەیان، جیهادی پیرزیان پێدەکرد؟*- هەیە. فەرموون پێمان بێژن، چۆن ئازادمان دەکەن و ئەو ئازادییە کامەیە و چۆن ئازادییەکە کە ئەوان لە سایەی سەرەنێزەدا باسی دەکەن؟ چۆن کوردستان ئاوەدان دەکەنەوە و پلانە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیان کامانەنەن؟ ئەو یەکسانیەیان کامەیە کە بڕیارە هەزار و چوارسەد میل پێشی سۆشیالیزمی دابێتەوە؟ ئەو مافانە کامانەن، کە ئەوان بەتەمان بەسەر نووکی شمشێرە بماندەنێ؟ ئایا کاتی ڕامان و بیرکردنەوە نە هاتووە؟ ئایا زەنگی دووبارەبوونەوەی کارەساتەکانی کۆتایی سەدەی رابوردوو، بۆ داچڵەکانمان لە خەوی خەفڵەتەی باڵی بەسەر کوردستاندا کێشاوە، بەس نییە ؟...؟...؟...؟...!

<u>پەراوێز</u>:

* سەرنجی خوێنەران بۆ پەرتووکی (طالبان- اسلام ، نفت و بازی بزرگ نو در آسیای میانە) نووسینی : احمد رشید، ژورنالیستی بەناوبانگی پاکستانی، کە بە ئینگلیزی نووسیویەتی و لەلایەن I.B.Tauris & Co Ltd بڵاوکراوەتەوە و عبدالودود ظفری وەریگێڕاوە. نووسەر لە بەشی نۆهەمی پەرتووکەکەیدا لەژێر نێوی " مشبوع از هیرۆئین، مواد مخدر و اقتصاد طالبان"، دەنووسێت :مالیات بر صادرات افیون ستون اصلی درامد و اقتصاد جنگی طالبان را تشکیل میدهد. صادرات مواد مخدر پاکستان – افغانستان سالانەحدود 50 بلیون روپیە(35/ بلیون دلار امریکی) عاید دارد. تا 1998 صادرات هیرۆئین، بە ارزش 3 بلیون دولار، دو برابر شد. پول مواد مخدرات هزینە اسلحە، مهمات و مواد سوخت جنگرا تامین میکند... .

** لەو پێشەکی جیهادەدا- وەک پێشەکی فیلم- کاتێک کە لە ئۆردووگەی صنقر دەکوتنە سەر ئەندامانی (حشع)، لە یەکێک لە خانووەکاندا، کە چەند لۆزەنگەرێک (زوگورتی) پێکەوە دەژیان و گومانی ئەندامبوون لە یەک دووانیان دەکەن، بەبێ ئەوەی پێخەفی سەریان لادەن، دەکەونە کوتەککارییان، ئەو بەدبەختانە بەدەم خەوەوە هاواریان لێهەڵدەستێت. لەبەر ئەوەی یەکێکیان (د. و_هـ) لایەنگری (حشع) دەبێ، بەڵام ئەوان (د. م_ع.)ەش کوتەککاری دەکەن، بە بێ ئەوەی بەتانییەکانیان، لادەن و بزانن، ئەوانەی لەوێ خەوتوون، کێن. ئەمە لە کاتێکدا ئەو کەسەی بۆی چوون، هەر لەوێش نەبووە! ئەمە پێشەکی و کارنامەی وانەیە، کە ئەوڕۆکە باس لە مافی خەڵکی کوردستان دەکەن، ئاخۆ ئەگەر ڕۆژگار وەرگەڕێ و ئەو خەونە پۆخڵەیان بێتەدی، لەنێو ئەو فیلمەدا چ چارەڕەشییەک، چاوەڕێمان دەکات، ئەبێ چی لە فیلمی ڕژێمە دیکتاتۆرە شۆڤێنیستەکانی عیراقدا، تەواو نەکرابێ، ئەمان بەتەمای تەواوکردنی بن؟ لەم نووسینەدا بە پێویستی نازانم، لووت و گوێ بڕینی کوژراوەکان لەشەرەکانی 1993ی خۆرماڵدا ناکەم، کە یەکێک لەو کوژراوانە، کاتی خۆی لە جیهادی ئۆردووگەی کامیاراندا تێهەڵدانی خوارد، (م- ع)، جیهادەکەی (قەسابخانەکەی) خێڵی حەمە (ئاوایی حەمە) ناگێڕمەوە، خۆتان بینیوتانە!

*** ئەمە یەکیکە لە داستانەکانی موحەمەدی کوڕی عەبوڵڵا پێخەمبەری ئیسلام ، کاتێک کە لە گەشتی حەوت ئاسمانەکان دەگەڕێتەوە و لەوەڵام بە پرسیاری هەژاران لەمەڕ هەژاری و دەوڵەمەندی، دەڵێت " لە ڕێگەدا دوو مەنجەڵم دیت، یەکێکیان هیچی تێدا نەبوو و دەسووتا، ئەوتریان پڕ بوو و لێی دەڕژا، منیش لە مەلائیکەکانم پرسی، ئەو دوو مەنجەڵانە چی بوون، لە وەڵامدا وتیان: ئەی پێخەمبەری خودا، ئەوە دابەشکردنی دەوڵەتمەندی هەژارییە و گەر بهاتایە یەکسانت بکردنایە، ئیتر هەژاری و دەوڵەتمەندی نەدەما، چونکە تۆ خوشەویستی خودای و خودا ئەو کارەی لە بۆ تۆ ئەنجام دەدا.
هەرچەندە وەڵامەکە پڕە لە فەنتازی ئەفسانەیی، بەڵام خودی پرسیارەکە لەو ڕۆژەدا، نیشانەی هەبوونی جیاوازی قووڵی هەژاری و دەوڵەتمەندییە لەسەردەمی خودی پێخەمبەریشدا، ئیتر نازانم ئیسلامییەکان چۆن بەتەمان، نادادوەری کۆمەڵایەتی لەنێوبەرن!